# ڕاشکاوی خاڵەکان

ئەنوەر عەلی مەحمود

بە پێ ی باری جوگرافی وباری مێژوویی زیندەگیمان کە بە هاوسێی چەن نەتەوەیەکی جودا قبولێن ، هەر لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە وەک قولە گیای نەگبەتی ، بووین بە ژێر پای تاوێرە بەردی ڕژێمی ئەونەتەوە هاوسێیانەوە ،،ئێمەش مینا گەلی کورد قبوڵمان بێ یانا ، ژەهراوی کلتووری ئەوان ڕژاوەتە سینەی ژیانمانەوە دەکرێ بڵێین ئەو کلتوورانە لەئێمەوە زۆر دوورن و هەرگیز شیاوی پێک هاتەنەوەیان نییە لەتەک ئێمەدا  دیارە هۆکاری ئەم ئاشنابوونەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم وولاتە چکۆڵەی ئێمە ، قاپی و دەروازەی لەسەر پشتە بۆ هەمووان وێڕای نەبوونی  سەرنج وچاوێکی پڕ لە ڕووانین وەکوو پێویست بەهەنێی سنوورەکاندا !

هەر ئەوەش وای کردووە  دەیان گرووپ وتاقم وخۆ فرۆش و کۆنە بەعسی دزە بکەنە نیشتیمان وکەم تازۆر باری گوزەرانی خەڵک هەراسان بکەن ، بەتایبەت پیاوانی بەعس  کەهەر لەسەرەتای حوکمیانەوە نەک هەر لافای سەر کەسایەتی کورد بوون بەڵکو بە قەلاچۆی هەموو ژیان بوون لە کوردستان هەر ئەوەشە وای کردوو تا هەنووکەش هەموو تاکێکی کورد بە چاوی بەعسیان لە هەموو عەرەب ڕەچەڵەکێک بڕوانێ!بەڵام ئاسوودە خۆمان دواتر ئەوە بوو لە پاش ڕاپەڕین بە یەکجاری لەژەهراوی ئەوان دوور کەوتینەوە وبەڵام لە کن خۆمان لە پای ئازادی دەیان گرووپ  و شانە و ڕێکخراو سەریان هەڵدا و بە داخەوە دەڵێم هەندێک لەوانەبەهاوکاری بەعس دەجوڵانەوە ودرووست دەبوون ، هەندێکی تریش دوای لێدانی 2001/9/11 وە کە ئەمریکیەکان هاتنە کوردوستان هۆی درووست بوون و سەرهەڵدانیان دەتوانم لەم خاڵانەداکۆ بکەمەوە شەڕی ناخۆ ، یان بێ ئاگایی ئە و دوو پارتە لە گەل وسەر قاڵبوونیان بە بەرژەوەندی حیزبی خۆیانەوە گەمارۆی ئابووری ڕژێم و نەتەوە یەکگرتوووەکان وهاوکات دارای پارتەکانی خۆشمان  کە دەدران بە تەقەمەنی و پێداویستی جەنگ  بۆشایی سیاسی ، بەتاڵە وبێ ئێشی ، هاری نەکردنی گەنجان و دابین نەکردنی ئاسوودەییان   لە زۆر لایەنەوە نەبوونی دەزگای ڕاگەیاندن بۆ هوشیاری کۆمەڵ نەبوونی ڕادەی ڕۆشنبیری لەناو هەموو چینە جیا جیاکانی کۆمەڵدا بێ سەلیقیی  وکەم دیدەیی لە درووست بوونی کۆمەلگا نەبوونی پەروەردەی تەواو نەبوونی سێبەرێ لە زانست وپەروەردە ومامەڵەکردنێکی تاریک لە لەمامەستاکانیانەوە پەروەردە نەکردنی مناڵ بە دروستی و شاردنەوەی جۆرێ  لە حەقیقەتەکان ی ژیانیان بەرچاو گرتنی کۆمەڵ لە ئاستانەی زانست وتەکنەلۆجیای سەردەم نەبوونی ڕۆشنبیری لە دەزگاکانی پۆلیس وئاسیشدا ووشکایی خەڵک لەئاست خۆشەویستی نیشتیمان و نەتەوەدا هەڵکشانی گرانی کەل وپەل و خانووبەرە وکەم بژێوی کۆمەڵ وەکو پێویست چڕی دانیشتوون بە شێوەیەکی ناسرووشتی لەناو شارەکاندا وهاوکات ئاپوورەی خێزانەکان لە خانوویەکدا ئاوەدان نەکردنەوەی کوردوستان

بەتەرزێکی مۆدێرن هاوچەرخ  بوونی گەندەڵی و نەبوونی دیموکراسی پێشێل کردنی هەموو ئەو زەمینانەی ئارەزوویەک بە نێر ومێ دەبەخشن(کبد الجنسی)کەمتەر خەمی پارتی و یەکێتی  لەگرنگی دانیان بە بیری نەتەوایەتی ئەمانە وگەلێ هۆکاری تر بوونەتە وەلانانی  لاوانی تاکی کۆمەڵ لەناو کۆمەڵ دا دواجار بە داخەوە حکومەتی هەریم ئەو باندەی دیاری نەکرد کەل دووایەدا دەسگیر کران لە کوێوە دروست بوون وکێ هاوکاری یەکەمیان بوون دوا جار هەر هێندە دەڵێم ئەوهۆکارانە دەبنە باعیسی سەرلێشێوانی لاوان وهەڵخەڵەتانیان بۆ ناوگرووپەسەرلێشێواوەکان دوا جار ئاسوودەی بۆ گەل ونیستیمان

ئەنوەر عەلی مەحمود
تەموزی 2005